# ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لە ژێر هەڕەشەی جددیدایە!

## یەکڕیزی ناوخۆی بزاڤی گۆڕانیش لەبەردەم ئاڵنگارییێکی گەورەدایە[1]

بورهان أ. یاسین

٢٠١٩/٦/٢١

[1] بەشێکی زۆر لەم بابەتەی بەردەست بەر لە چەند ڕۆژێک (لە ٢٠١٩/٦/١٦) وەک نامەیەکی تایبەتی نووسراوە.

# ناوەڕۆک

پێشەکی ---------------------------------------------------- ٣
چرکەساتێکی هەستیار --------------------------------------- ٦
بەغدا و هەولێر: دژبوون و دابڕان یا یەکانگیربوون -------------- ١٢
دایەلەکتیکی کێشەی کورد لە عێراق:
دوو کێشە، نەک یەک دانە! ------------------------------------ ١٧
دەرەنجام --------------------------------------------------- ٢٤

# دەکرێ بزاڤی گۆڕان تا ئەو کاتەی پارتی و یەکێتی لە پرسی کەرکوکدا ڕێکدەکەون کاتی "بڕیاری یەکلاکەرەوەی" هەبێت!

## "کاتی زێڕین بۆ هەندێک بڕیار بەسەر چووە، بۆ هەندێکیشیان زۆر درەنگە"

## پێشەکی

دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی سیپتەمبەری پار، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥، ٢٠٠٩ و ٢٠١٣، جیاوازتر دەرکەوتن. ئەم جیاوازییەش نەک لەبەر ئەوەی کە پارتی، بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی دیکە، ژمارەیەکی زۆری کورسی بەدەستهێنا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی (نێوان پارتی و یەکێتی لە ٢٠٠٤) ڕێکار و ڕێسای سیاسەتکردن، بە تایبەتی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. بەشێک لە گۆڕانکارییەکانیش پەیوەندی بە دید و هەڵسوکەوتی ئەو دوو حزبەوە هەیە ڕوو لە سێ دانە دۆسییە: ١) دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هاوسەنگییە سیاسییەکان تیایدا و جێگەوپێگەی ڕاستەقینەی هەر هێزێکی سیاسی لەو دەسەڵاتەدا؛ ٢) دۆسییەی کەرکوک و ڕەهەندە ئاڵۆزە عێراقی و کوردستانییەکانی؛ ٣) ڕۆڵی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی لە بەغدا، بە تایبەتی بەرکەوتە و پێگەی هەر یەک لەو دوو هێزە، وە زۆر بە تایبەتیش پێگەی سەرۆک کۆماری عێراق. . . بەشێکی تری کێشەکەش لە نێوان "باڵ" و دیدە جیاوازەکانی ناو خودی یەکێتی نیشتمانییە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ هەبووە و هەیە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هەیە. لەم بارەیەشەوە پێویستە هەر لێرە ئەوە بڵێم، کە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر شێوازی مامەڵەکردنی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا، لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت، تەنها بە دوو دڵی یەکێتی، ململانێی نێوەندە جیاجیاکانی (واتە باڵباڵێنی) ناو یەکێتی یا "شەڕ" لە سەر پۆستەکان لێکبدرێتەوە. تەنانەت

هەندێک جاریش بۆچوونێک هەیە دەخوازێ بڵێ کە ئەو پێداگرییەی یەکێتی دەیکات بەرامبەر بە پارتی تەنها و تەنها جێبەجێکردنی ئەجێندای هێزێکی ئیقلیمی (تۆ بڵێ ئێران)ە و هیچی تر. لە لایەکی دیکەوە، بە بۆچوونی من رەهەندێکی گرنگ، لە هەڵوێستی یەکێتیدا، کە لە راڤەکردنەکاندا کەمتر بیسترا و بینراوە، ئەوەیە کە هەرنەبێ دەستەبژێر (نوخبە)یێک لە ناو یەکێتی بە ئاراستەی، یا راستتر بڵێین لە ژێر دروشمی، **ئیتر چۆکدادان بۆ ئیرادەی پارتی "بەسە"** کاردەکات[2]. ئامانجی ئەم ئاراستەیە "**هەڵسانەوەی**" یەکێتی نیشتمانییە[3] و ئامرازی ئەم هەڵسانەوەیەش لە تاکتیکی سیاسیدا ئەوەیە کە یەکێتی بتوانێ پارتی بهێنێتە ژێر باری ئەوەی کە پارتی لە چوارچێوەی سێگۆشەیەکی هاوسەنگیی هێز (کەرکوک؛ هەولێر؛ بەغدا) لەگەڵ یەکێتیدا "سیاسەت بکات". بەڵام پارتی ئەوە قەبوڵ ناکات: پارتی لە هەولێر بەهێزە و لە کەرکوک بێهێز و لەبەغداش کەمهێز، وە بەم پێیەش دەخوازێ یەکێتی بهێنێتە ژێر باری ئەوەی کە قەبوڵ بکات کە هەولێر لە بەغدا و کەرکوک دابڕاوە و بەم پێیەش پێکهێنانی حکومەت پەیوەندی بە هەردوو دۆسییەی بەغدا و کەرکوکەوە نییە. بە هەر حاڵ، ئەوەی پەیوەندی بە ئاراستەی (بەسە)کەی ناو یەکێتییەوە هەیە دەکرێ بگوترێ کە لە ناو یەکێتیدا، بە تایبەتی لە ناو بەشێک لە سەرکردایەتی ئەو حزبەدا، کادیرە مامناوەندییەکان و بەشێکی زۆر لە جەماوەری ئەم حزبە ئەوەیە کە چۆن بە بەردەوامی **وتنی بەڵێ** بە ئەنجێندای پارتی هۆی "کەوتنی" یەکێتی بووە، لە لایەکی دیکەوە لە ئێستا و لە داهوشدا پێچەوانەکەی (واتە، **وتنی نەخێر** و **بەسە** بە پارتی) فاکتەری یەکلاکەرەوە و "کۆدی" هەرە گرنگی "**هەڵسانەوەی**" یەکێتی دەبێت!

* * *

دەکرێ بڵێین رەهەندێکی هەرە گرنگی هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ رێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و پارتییە. ئەم رێککەوتنە رووداوێکی فرەڕەهەندە. ئەم وتارە دەخوازێ ئەوە

---

[2] لەم بارەیەوە بڕوانە، یا گوێ بگرە لە، قسەکانی مەحمود سەنگاوی کە تیایدا راشکاوانە (بەڵام زۆر بە توندی) گوزارەش لەو حاڵەتە دەروونییە دەکات، کە ساڵانێکە هەر نەبێ بەشێک لە یەکێتی، بە تایبەتی کادیرانی و جەماوەرەکەی، تیایدا دەژین: واتە ئەو "هەست و حاڵەتە دەروونییەی" کە دەخوازێ بڵێ: یەکێتی لە حزبێکی گەورە و کاریگەر بۆتە ئەسیر و بارمتەی دەستی پارتی! سەنگاوی دەڵێ "لەبەر یەکپارچەیی گەلی کورد زۆر شتمان قبوڵکردووە، بەڵام ئیتر پێیان دەڵێین **بەسە** ئیتر خۆمان و خەباتمان لە پارتی بە گەورەتر دەزانین."

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147972 (دەستگەیشتن، ٢٠١٩/٦/١٨)

[3] لە چەند بۆنەیەکدا باڤڵ تاڵەبانی (کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی) ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئاراستەی ئێستا و داهاتووی یەکێتی نیشتمانی "**هەڵسانەوەیە**". بڕوانە، بۆ نمونە، دیمانەیەک لەگەڵ ناوبراو لە نێت تیڤی:

https://nguoihuongdan.com/video/6c6255775341375a575749.html (دەستگەیشتن، ٢٠١٩/٦/١٥)

جەخت بکاتەوە کە دوارۆژی ئەم ڕێککەوتنە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر هەڕەشەی جددی شکستهێناندا بووە. گریمانەیەکی ئەم وتارەش ئەوەیە کە هەڕەشەکانی سەر ئەم ڕێککەوتنە لە داهاتوییەکی نزیکدا، یا لە باشترین حاڵەت مامناوەندددا، چڕ دەبنەوە و باشتر دەردەکەون. هەر لە ڕۆشنایی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر ڕێککەوتنەکە هەن، کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر چارەنووسی بزاڤی گۆڕان (واتە یەکڕیزی ناو بزووتنەوەکە)، بە تایبەتی لە داهاتوودا، ڕەهەندێکی زۆر گرنگی ڕێککەوتنەکەیە.

ئەم وتارەی بەردەست هەوڵ دەدات تیشکێکی زیاتر بخاتە سەر ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان، لە چوارچێوەی دیدێکی جاوازتر وە هەروەها هەڕەشەکانی سەر ئەم ڕێککەوتنە و ئەگەر و ئاڵنگارییەکانی بەردەم بزاوتی گۆڕان (ڕوو لە ناوخۆی بزووتنەوەکە) بە پەیوەدنی لەگەڵ: ١) ئیدارەدانی مەسەلەی دەسەلات؛ ٢) سیاسەتی کورد لە بەغدا؛ ٣) پەیوەندییەکانی ئەم هێزە لەگەڵ پارتی؛ ٤) کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنەکەی پارتی و گۆڕان لەسەر پەیوەدندییەکانی نێوان **یەکێتی** و گۆڕان.

دەربارەی خاڵی دوو (واتە سیاسەتی کورد لە بەغدا) دەکرێ هەر ئێستا پێشبینی ئەوە بکرێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا **دوو دیدی جیاواز**، تەنانەت زۆر دژ بە ییکیش، لە نێوان پارتی و گۆڕان سەرهەڵبدات: واتە ***سیاسەتکردن لە هەولێر بە دابڕاوی لە بەغدا یا دژەکەی، واتە بەیەکەوە گرێدانی هەولێر و بەغدا***، وە ئایا ئەم بەیەکەوە گرێدانە (ئەگەر ڕێککەوتنی لەسەر کرا) بە **پێی دیدی کام لەو دوو هێزە دەبێت، گۆڕان یا پارتی!** لە ڕاستیدا، لەم بارەیەوە، هەر زوو (هەر وەک لە بەردەوامی ئەم وتارەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە) هێماکانی تەنگەژە لە نێوان پارتی و گۆڕان لەسەر پرسی "ڕادەی سەربەخۆیی ئاراستەی کار و چالاکییەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا" دەرکەوتوون.

پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەمەیە: ئەو هەڕەشانە چین کە لەسەر ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان هەن وە ئایا چۆن دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە کاریگەری لەسەر یەکڕیزی خودی بزووتنەوەی گۆڕان دابنێ؟

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە لەم وتارەدا هەوڵ نادەم کە لە ڕێگای ڕاڤەکردنی دەق لە پەیوەندییەکانی گۆڕان و پارتی نزیک ببمەوە بەڵکو پەنا دەبەم بۆ ڕاڤەکردنی پێدراوە مێژوویی و سیاسییەکان بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە بدەمەوە. بە

هەر حاڵ، بە پێی پێویست راڤەی دەق لە ناواخنی وتاردا جێگای دەکرێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار.

## چرکەساتێکی هەستیار

لە چەند رۆژی دواییدا چەند رووداو و راگەیەندراوێک بوونە جێگای سەرنج، چونکە ئەم رووداو و راگەیەندراوانە هێما و زەنەگن وە وا دەکەن کە بە ترس و دڵەڕاوکێوە بڕوانرێتە رێککەوتنەکەی پارتی و گۆڕان و دوارۆژی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی داهاتوودا. هەروەها ئەگەری ئەوەی کە ناوەخۆی گۆڕانیش بکەوێتە ژێر کاریگەری نەرێنی رووداوەکان لەو ئاراستەیەدا:

١) لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلادا بێڕێزییێکی زۆر بە پەرلەمان کرا و هەندێ هێمای مەترسیدار، بە ئاراستەی کردنی مەسعود بارزانی بە لوتکەی هەرە بەرزی هەرەمی دەسەڵات و "مەرجەع" لە باشووری کوردستان، دەرکەوتن[4]. سەیرە کە هچ دەنگێک لە فراکسیۆنی گۆڕان، وە بزووتنەوەی گۆڕان بە گشتی، نابیسترێت ئایا بۆ وتاری مەسعود بارزانی یەکەم وتار بوو وە بۆ وتارەکە ئەو هەموو گرنگییەی وەرگرت لە کاتێکدا مەسعود بارزانی **هیچ پێگەیەکی فەرمی نییە**، بە پێچەوانەی زۆرێک لە ئەوانەی کە وتاریان هەبوو. بارزانی زیاتر لە یەک جار لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە وەک "سەرۆک" ناوبرا! لە لایەکی دیکەوە لە وتارەکەی نێچیرڤان بارزانیشدا[5] هەموو ئەو رەمزانەی دیکە لە کاروانی کوردایەتی لە باشووری کوردستان و بە تایبەتی لە ئەزموونی فەرمانڕەوایی لەو بەشەی کوردستاندا، وەک جەلال تالەبانی و نەوشیروان مستەفا (جگە لە رۆڵی مەسعود بارزانی) لە مێژووودا سڕانەوە و کار و خەباتیان بە نادیدە گیرا. تەنانەت ئەم شتە دواتر قوباد تالەبانیشی هێنایە دەنگ وە بە راشکاوی سەرکۆنەی

---

[4] بەشێک لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و رەوشەنبیران ئەم تێبینییەیان کردووە. بۆ نموونە سەڵاح رەشید لە وتارێکیدا بە ناوی "ئایندەیەکی تاریک" دەڵێ: "وتاری یەکەم، کە مەسعود بارزانی بە کورتی پێشکەشی کرد، ئەو راستیەی [چەسپاند] کە ئەو وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو وتارەی نەخوێندەوە و هەر بەو ناوەش پێشکەش نەکرا، بەڵکو وەک (سەرۆک) ی کوردستان وتاری خوێندەوە و وەک (مەرجەعێک) بۆ هەمو گەلی کورد." بۆ خوێندنەوەی وتارەکە، کە نووسەر تیایدا، تیشکی خستۆتە سەر بەشێک لەو بابەتانەی کە لە وتاری بەردەستدا باس کراون، بڕوانە: (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/٢٠) https://www.milletpress.com/BirwraDetail.aspx?Jimare=2986&T= ئایندەیەکی%20تاریک

[5] وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، تەنانەت بردنە دەرەوەی مەراسیمی سوێندخواردنەکەی هۆڵی سەعد عەبدوڵلا، قسەی زۆر هەڵدەگرێ بەڵام ئەم دەرفەتە لەبار نییە بۆ ئەو قسە و باسە.

ئەو هەڵوێستەی نێچیرڤانی کرد، کەچی قوباد فیگەرێکی هەرە "نەرمی" ناو یەکێتییە لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی ئەو حزبە لەگەڵ پارتیدا و ناسراوە بە نزیکی لە نێچیرڤان.

ئامادەبوونی ریکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان (عومەر سەید عەلی) لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا، ئەگەر چی لە دیدی بزووتنەوەی گۆڕانەوە پیشاندانی نیەتپاکی و جەختکردنەوە بوو لە جێبەجێکردنی رێککەوتنی بزووتنەوەکە لەگەڵ پارتی، بەڵام بەشداریەکەی رێکخەری گشتی بە شایستەییەکی تەواوەوە لە لایەن پارتییەوە مامەڵە نەکرا[6]. بەشداری لە ئاستی خانەی راپەڕاندن بەشی ئەوەی دەکرد کە نیەتپاکی گۆڕان پیشان بدات!

٢) **لە راستیدا** ٢٤ کاتژمێر بەسەر سوێندخواردنەکەی نێچیرڤانەوە تێپەڕ نەببوو کاتێک "هێرش کرایە سەر گردی زەرگەتە"، یا هەرنەبێ نیەتێک بەو ئاراستەیە لە ناو یەکێتیدا هەبوو[7]، بەڵام هەنگاوەکە بە سیناریۆیەکی دیکە کۆتایی هات! بە هەر حاڵ لێکەوتەی رووداوەکە کوژرانی گۆڕانخوازێک و تەشەنەبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بوو.

تێگەیشتنی من لەم رووداوە ئەوەیە کە ئەم هێرش و تەقە و دەستدرێژییە جگە لەوەی کە بۆ سەر هێزێکی سیاسی (واتە بزاڤی گۆڕان) بوو، بەڵام لە راستیدا "تەقەکردنیش" بوو لە خودی سەرۆکە نوێکەی هەرێم، کە ٢٤ کاتژمێر بەسەر سوێندخوارنیدا تێپەڕ نەببوو کاتێک ئەو "تەقەیە" (تۆ بڵێ ئەو دەستدرێژییە) کرا: دەکرێ بپرسین ئایا ئەم رووداوە "شێوازێکی نوێ و جیاواز" بوو لە پیرۆزباییکردن لە سەرۆکی نوێی هەرێم؟ پرسیار ئەوە نییە ئایا "هێزێکی سەر بە یەکێتی" بۆ ئەوەی کرد، وە تەنانەت من تێگەیشتنم هەیە کە ئەمڕۆ یەکێتی خۆی وەک بوونەوەرێکی بریندارکراو ببینێ وە هەر نەبێ بە پێی تێگەیشتنی یەکێتی (جا ئەو تێگەیشتنە راست بێ یا هەڵە) **گۆڕان بەشدار بووە لەم بریندارکردنەدا**، لە رێگای رێککەوتنی ئەو هێزەوە لەگەڵ پارتی وە هەنگاوەکانی دیکەی بە ئاراستەی پێکهێنانی حکومەت بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا ئەم هەنگاوانە لە

---

[6] دەرفەتێک هەبوو کە رێکخەری گشتی لە بازگەی پردێ گەڕابایەوە سلێمانی. پەیامەکەش روونە: دوێنێ ئێمەتان بە زۆری چەک لە پردێ گەڕاندەوە بەڵام ئەمڕۆ بە ئیرادەی خۆمان لە هەمان پردێ دەگەڕێینەوە و "کێشەکەش هەر یەکە و نابێ بە دوو".

[7] تا ئێستاش ناتوانین بە تەواوەتی و بێ هیچ پەناوپێچێک بزانین کە ئەو شەوە (لە گردی زەرگەتە یا لە دەوروبەری ئەو گردە) چی روویدا، بەڵام ئەوەی یەکلابۆتەوە ئەوەیە کە جۆرێک لە روبەروبوونەوە دروست بووە و لە ئەنجامدا گۆڕانخوازێک کوژراوە. . . تەنانەت ئەو زانیاریانەشی لە میدیاکانی گۆڕانەوە دەربارەی رووداوەکە بڵاوبونەتەوە بە تەواوەتی پەردە لەسەر رووداوەکە لانادەن!

مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا چەندە کاریگەری لەسەر لاوازکردنی پێگە و دەرفەتەکانی یەکێتی دەبێ! بە کورتی و بە چڕی جێگای خۆیەتی کە هەست بە نیگەرانییەکی جددی بکرێ لە بێدەنگی پارتی و سەرۆکی نوێی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش (واتە دواتر سەرۆک وەزیرانی کابینەی نوێ)، لە ئاست ئەوەی لە گردی زەرگەتە روویدا! ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێرشە مووشەکییەکەی میلیشیا حوسییەکانی سەر بە ئێران بۆ سەر فڕۆکەخانەی ئەبهای سعودییە "بە توندی" سەرکۆنە دەکات[8]، وە ئەمەش جێگای سەرسوڕمانیکی زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا، بزووتنەوەی گۆڕان نە لە ڕێگای قسەکەرەکەیان وە نە لە ڕێگای میدیکانیەوە باس لەم رەهەندە (واتە رەهەندی **بێدەنگی و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی پارتی لەوەی کە لەودیوی دیگەڵە روویدا)** ناکات. ئەگەر چی تەقەکە (یا تۆ بڵێ رووداوەکە) سیگناڵێک بوو بۆ خودی نێچیرڤان بارزانی (دوای مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ باڤڵ تالەبانی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا): پەیامەکە دەخوازێ بڵێ "نامانەوێت تۆی سەرۆکی نوێی هەرێم بەهەڵە دابچیت: دەسەڵاتی تۆ لە سنووری دیگەڵە تێپەڕ ناکات، ئەوەتا ئێمە (لەو دیوی سنووری دیگەڵەوە) بە هەوەسی خۆمان هێرش دەکەینە سەر (گۆڕان)ی هاوپەیمانتان **جا با بزانین ئێوە چیتان پێدەکرێ!**"

جێگای سەرنج و تێڕامانیشە کە (تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم) بزووتنەوەی گۆڕان گرنگی بەو رەهەندەی "هێرشەکەی سەر گردی زەرگەتە"، واتە رەهەندی بێدەنگیی رەهای پارتی و دەسەڵاتەکەی بەرامبەر رووداوەکە، نەداوە. بەم مانایەش گۆڕان ئەو پرسیارە جددییەی نەکردووە کە ئایا بۆ سەرۆکی نوێی هەرێم و پارتی و وەزیرە ناوخۆکەی و راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایش (واتە دواتر سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان) تا ئێستا لەمەڕ ئەو دەستدرێژییەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر گردی زەرگەتە بێدەنگن، لە کاتێکدا تەواوی فۆکەسی گۆڕان لەم رووداوەدا لەسەر یەکێتییە؟ ئەوە ماوە کە لە

[8] لە ڕاگەیەندراوێکیدا، لەبارەی هێرشە مووشەکییەکەی سەر فڕۆکەخانەی ئەبها لە سعودییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە مووشەکییە دەکەین کە دوێنێ چوارشەممە 2019/6/12 کرایە سەر فڕۆکەخانەی ئەبها لە شانشینی سعوودیە و لە ئەنجامدا بیست و شەش کەسی سڤیل بریندار بوون و زیانی گەورەش بەر فڕۆکەخانەکە کەوت." ئەمە لە کاتێکدایە کە دەکرێ ئەم راگەیەندراوە کێشە و ئاڵنگاری بۆ حکومەتی هەرێم، بە تایبەتی لە هاوکێشەی ئیقلیمی و جیهانی و تەنانەت عێراقیشدا، لێبکەوێتەوە. بۆ بینینی هەواڵێک دەربارەی راگەیەندراوەکە بڕوانە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147708 (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/٢٠)

داهاتوودا ببینین ئایا ئەم "نەرمی نواندنەی" بزووتنەوەی گۆڕان لەم مەسەلەیە و هەندێ مەسەلەی تردا بەرامبەر بە پارتی بەرهەمدار دەبێت یا پێچەوانەکەی؟

٣) **لە چەند** رۆژی دواییدا هەواڵێکمان خوێندەوە کە تیایدا ئاراس حەسۆ میرخان (ئەندامی سەرکردایەتی پارتی) دەڵێ "حکومەتی داهاتو **دووڕویی** لە هیچ کەس و لایەنێک قەبووڵ ناکات". جگە لەوەی کە ئەم زمانە "هەڕەشەئامێزە"، دەخوازم لێرەدا لەسەر ئەم راگەیەندراوەی میرخان چەند تێبینییێک تۆمار بکەم:

أ- بە بۆچوونی خۆم قسەی ئاراس حەسۆ میرخان قسەی مەسعود بارزانی و ماڵباتی بارزانییە، جگە لەوەی کە هەڵبەتە قسەی پارتییە، چونکە ئاراس کوڕی حەسۆ میرخانە، کە زۆر نزیک و متمانەپێکراوی مەلا مستەفای بارزانی بووە. بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین کە قسەی ئاراس حەسۆ میرخان قسەی بازنەی هەرە ناوەوەی پارتی و نزیک لە مەسعود بارزانییە و بەم پێیەش ناکرێ وەک **راگەیەندراوێکی ئاسایی** بخوێندرێتەوە، تەنانەت پێویستە واش بخوێندرێتەوە وەک ئەوەی کە ئەمە قسەی کەسێکە کە زۆر زیاترە لە ئەندامێکی ئاسایی سەرکردایەتی پارتی!

ب- ئەم قسانەی ئاراس حەسۆ میرخان دەبێ وەک سەرەتایەکی مەترسیدار بخوێندرێنەوە بە ئاراستەی جارێکی دیکە دەرکردنەوەی گۆڕان لە حکومەت لە داهاتوودا، لە هەر کاتێکدا کە **پارتی "بۆ خۆی" بە گونجاوی بزانێ!** بە ئەگەری زۆریش ئەم هەنگاوە یەکسەر دوای تەواوکردنی دوا بازنە لە زنجیرەی داگیرکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات (لە لایەن پارتییەوە)، کە ئەویش دامەزراندنی حکومەتە، دەست پێ دەکات. دەکرێ لەم روانگەیەوە پێشبینی بکرێ کە دوای دامەزراندنی کابینەی نوێ، واتە دوای وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمان، "لەهجە و هەڵسوکەوتی پارتی بەرامبەر بە گۆڕان دەچێتە ئاستێکی ترەوە: ئەو کاتە پارتی، روو لە گۆڕان زۆر **لوتبەرزتر**، زۆر **بێ منەتتر** و زۆر **هەڕەشەئامێزتر** دەدوێت و هەڵسوکەوت دەکات. . .!

ج- پێویست بوو قسەکانی میرخان هەر وا بە ئاسانی (بەبێ وەڵامی پڕ بە پێست، بە زمانێکی زۆر راشکاو وە لە ئاستی پڕ بە پێستدا) بەسەر بزووتنەوەی گۆڕاندا تێنەپەڕن.[9]

[9] هەڵبەتە جگە لە وەڵامەکەی عەلی حەمە ساڵح کە دەڵێ "بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت بۆ چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی نییە"، پێویست بوو بزاڤی گۆڕان لە ئاستێکی سیاسی شایستەدا وەڵامی پڕ بە پێستی هەبێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەری پەیوەندی گۆڕان بە پارتییەوە، دەربارەی راگەیەندراوەکەی میرخان، لە **ئاستی نەبیرا** و **نەبیستراو** هەیە، واتە پەیوەندی پشتی پەردە و ژوورە تاریکەکان بەمەبەستی فشارهێنان بۆ سەر گۆڕان، بەڵام ئەم جۆرە پەیوەندنییانە نەک

به هەر حاڵ، ئەو ڕاگەیەندراوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٩/٦/١٩ دەریکرد زیاتر بەو زمانە (تۆ بڵێی نەفەسە) نووسراوە وەک ئەوەی کە ئەو هێزە (واتە گۆڕان) لە دەسەڵاتدابێ و بەرگری لەو دەسەڵاتە بکات. بەم ڕاگەیەندراوەی بزاڤی گۆڕان نەک هەر ئەو ئیشکالیەتەی (نێوان گۆڕان و پارتی) چارەسەر نەکرد، بەڵکو سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئەم ڕاگەیەندراوە هەوڵێک بوو بۆ دواخستن (تەنانەت پەردەپۆشکردن)ی کێشەکانی نێوان پارتی و گۆڕان، لە بری چارەسەرکردنیان[10]. زۆرێکیش لە گۆڕانخوازان (جگە لە سێ پەرلەمانتارەکەی گۆڕان لە بەغدا: هوشیار عەبدوڵلا، کاوە محەمەد، د. غالب محەمەد) نیگەرانی خۆیان لەم ڕاگەیەندراوەی گۆڕان نەشاردۆتەوە[11]. جگە لەمە، ڕاگەیەندراوەکەی گۆڕان تەنانەت بووە مایەی نیگەرانی و سەرسوڕمان لە ناو بەشێک لە ڕۆژنامەنووس و ڕەوشەنبیر و نووسەریش. وەک نموونە، نووسەر ئاراس فەتاح لە وتارێکدا بە ناوی "کێ بزوتنەوەی گۆڕان دەناسێتەوە؟" پەنجە لەسەر هەندێک لە ڕەهەندەکانی سیاسەتکردنی گۆڕان دادەنێت وە وای بۆ دەچێت کە ئەم ڕاگەیەندراوەی گۆڕان جۆرێکە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەو **تێزەی پارتی**، کە هەر زوو لە دوای کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی پێشووی بزوتنەوەکە (نەوشیروان مستەفا) بە ڕاشکاوی لە لایەن هەندێک سەرکردەی هەرە باڵای پارتی خرایە ڕوو، کە گوایە دوای ئەم کۆچکردنە گۆڕان "عاقڵ" بووە[12]. بە هەر حاڵ جگە لەو ڕاگەیەندراوەی کە گۆڕان دەریکرد، پێویستە ئەم بزووتنەوەیە هەر لە ئێستاوە بیر لە **پلانی بی** بکاتەوە: چونکە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە ساڵێکی پێچوو بۆ ئەوەی دابڕان لە نێوان پارتی و گۆڕاندا ڕوویدات، بەڵام ئەم جارەیان لەوە دەچێت ماوەی بەر لە دابڕان لە نێوان پارتی و گۆڕان زۆر کورتر بێت!

٤) لە ڕۆژانی دواییدا جموجوڵێکی سەرنجڕاکێش لە بەغدا تێبینی دەکرێ کە تیایدا هەرنەبێ بەشێک لە فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا (لە ڕاستیدا زۆرینەی فراکسیۆنەکە) لەم چالاکیانەدا (هەدنێکیان بە تاک و هەندێکیشیان بە کۆمەڵ، لەگەڵ پەرلەمانتاری سەر بە

---

هەر یارمەتیدەر نابن بەڵکو دەشێ ئاکامی نێگەتیڤیشیان هەبێ: دواجار دەنگدەری گۆڕان ئاگادارە کە پارتی چۆن بیر دەکاتەوە و دەشخوازێ بە ڕوونی بزانێ ئایا هەڵوێستی حزبەکەی لەسەر ڕاگەیەندراوە مەترسیدارەکەی میرخان چییە!

[10] بۆ بینینی ڕاگەیەندراوەکەی بزاڤی گۆڕان بڕوانە:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=19009 (٢٠١٩/٦/٢٠ دەستگەیشتن)

[11] بۆ ڕاگەیەندراوێکی ئەم سێ پەرلەمانتارە بڕوانە:
http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=4054 (٢٠١٩/٦/٢٠ دەستگەیشتن)
هەروەها هوشیار عەبدوڵلا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ڕاگەیەندراوەکەی گۆڕان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. بۆ بینینی ڕاگەیەندراوەکە بڕوانە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=148068 (٢٠١٩/٦/٢٠ دەستگەیشتن)

[12] فەتاح، ئاراس "کێ بزوتنەوەی گۆڕان دەناسێتەوە؟" لە پێگەی ئەلیکترۆنی *درەو میدیا*، ٢٠١٩/٦/١٩
http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=4051 (٢٠١٩/٦/٢٠ دەستگەیشتن)

فراكسیۆنی دیكە) بەرچاو دەكەون. ئەم چالاكیانە دەسەلاتی پارتیان زۆر نیگەران كردووە. هەر ئەوەشە وا دەكات ئاراس حەسۆ میرخان بلێت: "هەردوو حكومەتی هەرێم و بەغدا لە بارەی بودجە و نەوت رێك دەكەون و ئەو **پەرلەمانتارە بە كرێ گیراوانەی رۆژانە** لە بەغدا خەریكی پلان گێرانن جگە لە **شەرمەزاری** و رووڕەشی هیچیان بۆ نامێنێت." هەروەها دەشلێت، "بەشێك لەو پەرلەمانتارانە دەزانین بۆ وا دەكەن بەلام، **گۆڕان كە بڕیارە لە حكومەتی داهاتووی هەرێم بەشدار بێت دەبێت بە ڕاشكاوانە هەلوێستی خۆی لە بارەی هۆشیار عەبدولای پەرلەمانتاریان بۆ پارتی، حكومەتی هەرێم و خەلكی كوردستان روون بكەنەوە**"[13] دیسانەوە ئەم زمانەی ئاراس حەسۆ میرخان زۆر "نزم" و هەرەشەئامێزە، پڕاوپڕە لە بێمنەتی لە گۆڕان و لوتبەرزی بەرامبەر ئەم هێزە. جگە لەوە، ئەم راگەیەندراوە زەنگێكی بێ سێ و دووە بۆ بزاڤی گۆڕان وە جێگای سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر ئەم راگەیەندراوە **گۆڕان نیگەران نەكات!** زەنگێكی دیكەی هەرەشەئامێز بەرامبەر بە گۆڕان لە لایەن هێمن هەورامییەوە لێدرا. لە چاوپێكەوتنێكی میدیاییدا هەورامی (لە ٢٠١٩/٦/١٧) دەلێ "ئێمە حساب بۆ چەند ئەندام پەرلەمانێكی گۆڕان ناكەین." جگە لەمەش هەورامی دەلێ "لەكۆبونەوەی ئەمرۆش [٢٠١٩/٦/١٧] پێیان راگەیاندوین ئەوان [واتە چەند پەرلەمانتارێكی گۆڕان لە بەغدا] تەعبیر لە راوبۆچونی گۆڕان ناكەن."[14] جگە لە پێگە رەسمییەكەی هەورامی، نزیكیی ئەو فیگەرە لە مەسعود و مەسرور بارزانی گرنگییەكی زیاتر دەدات بە قسەكانی ناوبراو؛ قسەگەلێك كە پڕیەتی لە لوتبەرزی و هەستكردن بە رەهاییەتی دەسەلاتی پارتی: پارتی ئەجێندا و نەخشەڕێگا و پێوەر بۆ ئەوانی دیكە دادەنێ! لەمە گرنگتر ئەوەیە كە گۆڕان لە ئاست ئەم قسانەی هەورامی بێدەنگە، لەوەش ئەولاتر ئەگەر ئەوە راست بێت كە تیمی دانوستاندنی گۆڕان لە كۆبوونەوەیان لەگەل تیمی پارتی (لە ٢٠١٩/٦/١٧) خۆیان، وەك هەورامی دەلێ "**بێبەری كردبێ**" لە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی گۆڕان لە بەغدا ئەوا كێشە و نیگەرانییەكان دەچنە ئاستی دیكەی مەترسیدارترەوە.[15]

---

[13] بڕوانە، بۆ نموونە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147663

[14] بۆ بینینی تەواوی دیمانەكە بڕوانە:
(دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/١٨) https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=147920

[15] دواتر ئەمە لە هەوالێكدا پشتڕاستكراوەتەوە كە گۆڕان خۆی بێبەری كردووە لە كار و چالاكییەكانی چەند پەرلەمانتارێكی خۆی كە لە بەغدا لەسەر مەلەفی نەوت هەلوێستێكی جیاوازیان لە هەلوێستی پارتی، تەنانەت لە هی

به هەر حاڵ گرنگ ئەوەیە کە گۆڕان بە نیگەرانبوونەوە نەوەستێت، بەڵکو زۆر گرنگە ئەم نیگەرانییە بکاتە هەوێن و بنەما بۆ نزیکبوونەوە (approach)ێکی نوێی پڕ بە پێست، ئەگەر چی لە ئێستادا "میلی کاتژمێر" بە هیچ هێزێک ناگەڕێنرێتە دواوە، **دواوەیەک** کە تیایدا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم "بە دڵی پارتی" تێپەڕی، دواوەیەک کە تیایدا سەرۆکی هەرێم هەر بە دڵی پارتی هەڵبژێردرا، دواوەیەک کە تیایدا. . . هتد. بە کورتی و بە چڕی: دواوەیەک کە تیایدا پارتی، لەسەر بنەما و بە یارمەتی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ گۆڕان، کۆمەڵێک دەستکەوتی بەدەست هێناوە بەڵام گۆڕان **تا ئێستا هیچ**: گۆڕان چاوەڕێیە لە داهاتودا بەری ئەم ڕێککەوتنە بچنێتەوە!

لە ئێستادا: کە گۆڕان ناتوانێ "میلی کاتژمێر" بگەڕێنێتە دواوە بۆ پێش ٢٠١٩/٢/١٨، پێویستە لە لایەکی ترەوە **لە خەمی داهاتودا بێت**. بەڵام چۆن لە ڕابردوودا کرۆکی کێشەکە لەوەدا بووە کە پارتی لە هەر مامەڵەیەکی سیاسیدا **"هەمووی" بۆ خۆی ویستووە، بەڵام بۆ بەرامبەرەکانی، تەنانەت ئەگەر ئەم بەرابمبەرە هاوپەیمانیشی بوبێت، هیچ**، لە ئێستاشدا هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەم زهنییەتەی پارتی گۆڕانکاری بەسردا هاتبێت، یا تەنانەت لە داهاتوویەکی نزیکیشدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت! نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە ئێستادا و ڕوو لە داهاتوو پشتئەستور بە ٤٥ کورسی پەرلەمانیی و ١١ کورسی کۆتاکان چاوی لەوەیە کە لەم خولەی پەرلەماندا دوو ئامانجی سەرەکی بە دەست بهێنێت کە ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەدات: ١) مەسعود بارزانی بکرێ بە مەرجەع بۆ هەموو باشووری کوردستان؛ ٢) دەستورێک بە دڵی پارتی بنووسرێتەوە!

## بەغدا و هەولێر: دژبوون و دابڕان، یان یەکانگیربوون

هەر زوو لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی سیپتەمبەری پاردا، من باوەڕم وابوو کە ئەگەر دوای هەڵبژاردن بزاڤی گۆڕان لەگەڵ پارتی ڕێککەوتن بکات و بەم مانایەش لەگەڵ ئەم حزبە بچێتە ناو حکومەتەوە، ئەوا پێویستە ئەم بزاڤە پێداگری لەسەر ڕێککەوتنێکی گشتگیر بکات کە تیایدا هەولێر و بەغدا و پەیوەندییە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکان، لە یەک پاکێجدا، ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. . . بەڵام ئەمڕۆ دوای ڕێککەوتنەکەی ٢٠١٩/٢/١٨، وە

---

بزووتنەوەکەشیان، هەیە. لە سەردێڕی هەواڵێکدا (لە ٢٠١٩/٦/٢٠) هاتووە "بزووتنەوەی گۆڕان بەڵێنی بێدەنگکردنی پەرلەمانتارەکانی بە پارتی دەدات." بڕوانە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=148155 (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/٢٠)

لە ماوەی دواییشدا لێکەوتەکانی ئەو رێککەوتنە، ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر پێشوەچوونەکان بەم شێوەیە بڕۆن ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەو رێککەوتنەی نێوان پارتی و گۆڕان **توانای لەسەرپێ وەستانی نابێ**. بەشێکیش لەم پێشوەچوونە ئەو هەوڵانەیە کە بەشێک لە پەرلەمانتارانی گۆڕان لە بەغدا (هەڵبەتە شانبەشانی هەندێک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی دیکەی کوردستانی لە بەغدا)، بۆ چارەسەری کێشەی نەوت و گاز لە لایەک وە موچەی فەرمانبەران لە لایەکی دیکەوە، دەیدەن[16]. دیارە ئەم پێشوەچوونانە پارتیان زۆر نیگەران کردووە وە ئەم نیگەرانییەش ئەو پەیامە راشکاوە مەترسیدارەی ئاراس حەسۆ میرخانی لێکەتۆتەوە کە کرۆکی پەیامەکەش زۆر روونە: **یا دەبێ فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بێدەنگ بێت، یا گۆڕان خۆی ئامادە بکات بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ پارتی، تەنانەت دەرکردنێکی دیکەش لە حکومەت!** ئەوەی پارتی دەیەوێت ئەوەیە کە فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بێدەنگ بێت لەوەی کە لە کوردستان روودەدات و تەنانەت گۆڕان ئەوە قەبووڵ بکات کە فراکسیۆنەکەی **لە بەغدا چالاکییەکانی لە ژێر سێبەری قورس و باڵادەستیی پارتی بکات و ئەجێندای ئەو حزبە جێبەجێبکات!**

دامەزراو لەسەر ئەوەی کە لە سەرەوە گوترا، ئێمە ئێستا بەرەو رووی دوو سیناریۆیین کە لە هەردووکیشیاندا دیدی پارتی و گۆڕان **نەک هەر یەکانگیر نابن بەڵکو دوو دیدن کە بە تەواوەتی دژ بەیەکتر دەوەستنەوە:**

**١) سیناریۆی یەکانگیربوون، واتە یەکانگیربوونی سیاسەتی گۆڕان و پارتی لە بەغدا:** لێرەدا، بە کورتی و بە چڕی بۆچوونی پارتی (یا مەرجی پارتی بۆ ئەم یەکانگیربوونە) ئەوەیە کە ئەو ناشەفافی و ناڕوونی و گەندەڵییەی کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا لە نێوان هەولێر و بەغدا، بە تایبەتی لە هەرێم، هەیە بەردەوام بێت؛ لە بەرامبەردا دیدی گۆڕان (بە هەر حاڵ تا ئێستا) تەواو پێچەوانە بووە: شەفافبوون لە فایلی نەوت و گازدا دوو دەرهاوێشتەی باشی دەبێت کە یەکێکیان چارەسەربوونی کێشەیەکی گەورەیە لە نێوان بەغدا و هەولێر وە ئەوی دیکەشیان نەک هەر چارەسەربوونی کێشەی موچەی فەرمانبەرانە، بەڵکو تەنانەت چارەسەربوونی زۆرێک لە کێشە ئابوورییەکانیشە (لە بوارەکانی گەشەپێدان و وەبەرهێنان و. . . هتد) لە کوردستان. هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە

[16] هەڵبەتە لەم بارەیەوە هەوڵ و خەباتی ئەحمەدی حاجی رەشیدی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی زۆر جیاواز و بەرچاو دەردەکەون، کە لە دوو خولی پەرلەمانی عێراقدا بێ کۆڵدان و بە ئاگادارییێکی زۆرەوە کاری بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، بە ئاراستەی دژە گەندەلی، کردووە.

بیر بکەین کە چارەسەربوونی کێشەی نەوت و گاز، جگە لەم دوو دەرهاویشتە پۆسەتیڤانە، لێکەوتەی گرنگی دیکەشی دەبێت کە ئەویش **دروستبوونی متمانەیە لە نێوان بەغدا و هەولێر** وە ئەوەی کە ئەم **متمانەیە** دەکرێ وەک بنەمایەکی گرنگ بخرێتە خزمەت چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە لەگەل بەغدا، لە پێش هەموشیانەوە، وە بە گرنگییێکی تایبەتییەوە، **کێشەی خاک**. جگە لەوەش، لە رووی کات و وزەی کارکردنەوە لایەنی کوردی لە بەغدا (لە شێوەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و پێگەکانی دیکە) وە سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان **زیاتر بپەرژێتە** سەر کێشەی خاک و کێشەکانی دیکە لەگەڵ بەغدا. . . هتد.

**دەرەنجام:** ئەگەر گۆڕان دەخوازێ متمانەی خەڵک (بە تایبەتی دەنگدەرانی خۆی) لەدەست نەدا، پەراوێزێکی گرنگیش بۆ سیاسەتکردن لەدەست نەدا و کارتێکی فشاری گرنگیشی بەرامبەر پارتی بەدەستەوە بێت و ئامرازێکیش بۆ چاکسازی لە فایلێکی هەرە گرنگ و ستراتیژی (واتە فایلی نەوت و گاز) لەدەست نەدات، ئەوا دەبێ هەرگیز نەچێتە ژێر باری بوچوونی پارتی لە سیناریۆی سەرەوەدا، واتە بێدەنگکردنی فراکسیۆنەکەی لە بەغدا!

٢) **سیناریۆی دژبوون و دابڕان:** لەم حاڵەتەدا سیاسەتی ئەم دوو حزبە بە دوو هێڵی هاوتەریب، تەنانەت دژ بە یەکتردا لە نێوان بەغدا و هەولێر، دەڕوات: **لە هەولێر پارتی و گۆڕان دەتوانن لە رێککەوتندا بن و بەشداری بکەن لە هەمان حکومەتدا، بەلام لە بەغدا دەکرێ ئەم دوو حزبە سیاسەتەکانیان یەکانگیر نەبێ و تەنانەت تا رادەیەک دژ بە یەکتریش بن.** هەر وەک سیناریۆی سەرەوە (واتە سیناریۆی یەکەم) پارتی و گۆڕان دوو بۆچوونی جیوازیان هەیە لە سیناریۆی **دوو هێڵی هاوتەریبدا:** گۆڕان (یا هەر نەبێ بەشێک لە گۆڕان) پێی وایە لە رێککەوتنی ٢٠١٩/٢/١٨دا باس لە چوارچێوەی رێکخستنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا نەکراوە و بەم پێیەش فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا **تەواو ئازادە لە کار و چالاکییەکانیدا**؛ بەلام بە پێچەوانەوە، پارتی پێی وایە لەبەر ئەوەی گۆڕان لە رێککەوتندایە لەگەڵ ئەم حزبەدا و بەشدارە لە حکومەت، ئەوا کار و چالاکی و ئاراستەی سیاسی فراکسیۆنەکەی (واتە فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا) دەبێ لە هەولێرەوە ئاراستە بکرێ وە چالاکییەکانی ئەو فراکسیۆنە لە دژایەتیدا نەبن لەگەڵ ئەو هاوئاهنگییەی کە لە کوردستان لە نێوان ئەو دوو حزبەدا بوونی هەیە. دەکرێ یەکێک بڵێ ئاخر ئەم

پەیوەندییە پڕ لە ئیشکالیەتەی نێوان پارتی و گۆڕان لە بەغدا بە پێی خاڵی یەکەم لە ڕێککەوتنی ئەو دوو حزبە (لە ٢٠١٩/٢/١٨) چارەسەر کراوە بەو پێیەی کە لەو خاڵەدا هاتووە: "حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی مافە دەستوریەکان، و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ هەریەک لە پرسەکانی مادەی (140)، نەوت و غاز، بودجە، پێشمەرگە، دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی عێراق."[17] کێشەکانی ئەم خاڵە لە ڕێککەوتنەکە ئەوەن کە ئەم خاڵە ١) دەقێکی لاستیکییە؛ ٢) بە درێژایی ١٤ ساڵ بەردەوام هەرێم بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بەغدا بەندەکانی دەستوری عێراقی شکاندووە بەڵام هەرێم پێیەوە پابەند بووە؛ ٣) لە هەمووشی گرنگتر ئەم خاڵە بە هیچ شێوەیەک، دوور یا نزیک، ئیشکالیەتی پەیوەدنییەکانی گۆڕان و پارتی لە بەغدا (بە تایبەتی لە پەیوەدنییەکانی دوو فراکسیۆنی ئەم دوو حزبە لەگەڵ یەکتر) چارەسەر نەکردووە. ئەم ڕەهەندە، لە باشترین حاڵەتدا، بۆ شەڕی داهاتووی تەفسیر و تەفسیرکاری دواخراوە. هەر لێرە دەبێ بگوترێ کە لە داهاتوودا ئەم "شەڕی تەفسیر و تەفسیرکارییە" نەک هەر کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و پارتی دەبێت بەڵکو کاریگەرییێکی ڕاستەوخۆی لەسەر ناوخۆی گۆڕانیش دەبێت، بە تایبەتی لە نێوان فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا لە لایەک وە سەرکردایەتی گۆڕان لە لایەکی دیکەوە؛ لەوەش ئەولاتر، ئەگەر ئەم کێشەیە هەر ئێستا و بە زووترین کات چارەسەر نەکرێت، ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەم ململانێیە کاریگەری نەرێنی لەسەر توکمەیی و کاری پێکەوەییەی خودی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا دەبێت! چونکە دەکری لە ناو هەمان فراکسیۆندا دوو جۆر تەفسیر بۆ ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و پارتی سەر هەڵبدات.

**دەرەنجام:** ئەگەرچی وەستانەوەی بزاڤی گۆڕان بەرامبەر بە دیدی پارتی لەم سیناریۆیەدا زۆر ئەستەمە، گۆڕان، لە لایەکی ترەوە، هچ بژاردەیەکی لەبەردەستدا نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێ **پیداگری لەسەر سەربەخۆیی فراکسیۆنەکەی لە بەغدا بکات و** پارتیش بێتە ژێر باری ئەوەی کە ئەو دوو حزبە دەکرێ **لە هەولیر کۆک بن، بەڵام لە بەغدا پەراوێزی جیاوازی لە نێوان دوو حزبەکەدا پارێزراو بێت**: گۆڕان دەبێ ئامادە بێت کە پارتی، دوای دامەزرانی حکومەت، واتە دوای متمانە وەرگرتنی کابینەی نوێ لە پەرلەمان، بە پێداگرییێکی توندەوە هەوڵی بێدەنگکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا بدات،

[17] بۆ بینینی دەقی ڕێککەوتنامەکەی گۆڕان و پارتی بڕوانە:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=13959 (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٢/١٩)

ئەگەر نا دەبێ گۆڕان بۆ "دەرکردنی دووەم" لە حکومەت ئامادە بێت! هەڵبەتە ئەم بەشەی سیناریۆ (واتە بێمنەتی پارتی لە بوونی گۆڕان لە حکومەتدا یان نا) دەوەستێتە سەر **ئەوەی ئایا تا ئەو کاتە کێشەی پارێزگاری کەرکوک چارەسەر کرابێ یان نا وە بەو پێیەش یەکێتی چووبێتە ناو حکومەت یان نا!** بە هەر حاڵ لەوە ناچێت کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو حزبە درزێکی جددی تێکەوتوە، وە متمانە لە نێوانیاندا (لە ٢١ ساڵی رابردووەوە، واتە لە رێککەوتنی ئاشتی ١٩٩٨–وە) بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. بە تایبەتی دەستشکانەوەکەی هەرڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، کاریگەرییێکی کەمەرشکێنی لەسەر متمانەی نێوان ئەم دوو حزبە هەبوو: هەر وەک لە بابەتێکی پێشوترمدا نووسیومە، لەو ململانێیەدا نەک هەر دەستی پارتی شکایەوە بەڵکو **دەستی خودی مەسعود بارزانی شکایەوە**؛ چونکە فوئاد حوسێن کاندیدی بارزانی بوو بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری، بەر لەوەی هی پارتی بێت.

لە راستیدا ئەم دەستشکانەوەیەی نێوان پارتی و یەکێتی بوو کە پەراوێزێکی زۆری بۆ گۆڕان رەخساند وە دواتر هەر ئەم پەراوێزە فاکتەرێک بوو لە رێککەوتنی گۆڕان و پارتی. دەکرێ لە داهاتووشدا ئەم حاڵەتە پەراوێز بداتە گۆڕان لە پەیوەدنییەکانی لەگەڵ پارتیدا، بەڵام هەر ئێستا ئاسان نییە تەسکی یا فراوانی ئەم پەراوێزە بزانین! بە هەر حاڵ، پرسیارێکی گرنگ لەم پەیوەستەدا ئەوەیە ئەگەر گۆڕان و یەکێتی لە داهاتوودا پەیوەندییەکانیان سروشتی بکەنەوە و تەنانەت رێککەوتنەکانی نێوانیشیان کارا بکەنەوە، ئەو کاتە پارتی هەڵوێستی چی دەبێت.

**دەرەنجامی سیناریۆی یەک و دوو:**

لە هەردوو حاڵەتی سەرەوە، جگە لەوەی کە پارتی هەموو هەوڵێک دەدات کە گۆڕان ملکەچی خواست و ئەجێندای خۆی (واتە پارتی) بکات، هەوڵیش دەدات کە دژایەتییەکە تەنها لە نێوان پارتی و **گۆڕانێکی یەکگرتوودا نەمێنێتەوە** بەڵکو ئەو دژایەتییە بکات بە دژایەتی دوو ئاراستە **لە ناو خودی بزووتنەوەی گۆڕاندا**: ئاراستەیەکیان رازی بێت بە چۆکدادان و قەبووڵکردنی دیدی پارتی (بە بەهانەی، بۆ نموونە، یەکریزی نیشتمانی و نەتەوەیی و. . . هتد) بەڵام ئاراستەیەکیشیان پێداگری بکات لە بوونی دژایەتی لە دید و جیهانبینی نێوان پارتی و گۆڕان، وەک ئەوەی کە ئەم دژایەتییە (یا تۆ بڵێ

یەکانگیرنەبوونە) نەک هەر ئاساییە بەڵکو رێک ئەم یەکانگیرنەبوونە خزمەت بە خەڵکی کوردستان و بزاڤی گۆڕان و تەندروستبوونی "ئەزموونی دیمۆکراتی" لە کوردستان دەکات!

بە بۆچوونی زۆرێک لە گۆڕانخوازان، نابێت **بزاڤی گۆڕان** لێبگەڕێت خواستی پارتی بچێتە سەر وە پێویستە بزووتنەوەکەیان **پیداگری بکات لەسەر ئازادی و پەراوێزی سەربەخۆی کارکردنی فراکسیۆنی ئەم هێزە لە بەغدا**. کارکردن بەم شێوازەی ئێستا، یا راستتر بڵێین تا کاتی دەرچوونی راگەیەندراوەکەی گۆڕان لە ٢٠١٩/٦/١٩ (واتە سەربەخۆیی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا لە بڕیار و کارەکانیدا) سەرچاوەی هێزە بۆ گۆڕان نەک پێچەوانەکەی. ئەم شێوازە لە کارکردن هاوسەنگییێکی فرەڕەهەند، لە ئاستی جەماوەری و هەرێم و عێراقدا زامن دەکات، کە دواجار ئەم **هاوسەنگییە هێزە بۆ گۆڕان**.

لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەی دژایەتی لە نیو خودی گۆڕاندا، دەربارەی ئاراستەی کارکردنی فراکسینەکەی لە بەغدا، دەکرێ ببێ بە هەڕەشەیەکی جددی و گەورە لەسەر یەکگرتوویی و توکمەیی و یەکڕیزی ناوخۆی گۆڕان!

## دایەلەکتیکی کێشەی کورد لە عێراق: دوو کێشە، نەک یەک دانە!

لە سەد ساڵی رابردوودا راستییێک بەردەوام خەسڵەتی بزاڤی سیاسی باشووری کوردستان بووە، ئەویش ئەوەیە کە لە راستیدا ئەوەی ئێمە پێی دەبێژین "قەزیەی کورد" لە رووی **کەرەسە کۆمەڵایەتییەکەی**، بە **ئاراستە سیاسییەکانی** و لە **سروشتی دەستەبژێر** (تۆ بڵێ سەرکردایەتی)**یەکەشیدا یەک قەزیە نەبووە.**

دیارە راڤەکردنی ئەم سێ رەهەندە (واتە کەرەسەی کۆمەڵایەتی، ئاراستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان و سروشتی دەستەبژ) پێویستی بە قسە و باسێکی زۆر زیاترە، بەڵام لێرەدا بە پێی مەبەست جەخت لەسەر گرنگی ئەو دوانیەتییە (ئیزدواجیەت) و دژایەتییە دەکەمەوە کە، لە رووی دەستەبژێری سیاسییەوە، سروشتی قەزیەی کورد بووە.

راپۆرتێکی دوور و درێژ لە ساڵی ١٩٤٣ کە بۆ حکومەتی ئەو کاتەی عیراق دەربارەی قەزیەی کورد نووسراوە، بە دەرەنجامێکی یەکجار سەرنجراکێش کۆتایی هاتووە: لە دەرەنجامەکەدا جەخت کراوەتەوە کە قەزیەی کورد لە عێراق یەک قەزیە نییە بەڵکو دوو دانە قەزیەیە، یەکێکیان قەزیەی رەوای میللەتی کوردە و داواکارییەکانی ئەم میللەتەش

ڕەوان، بەڵام "قەزیەیەکی" تریش هەیە کە ئەویش "قەزیەی دەستەبژێرێکە" کە بەرژەوەندیخوازن، خۆیان لە پشت قەزیە ڕەواکە حەشارداوە، وە دەخوازن **لەسەر ئەو قەزیە ڕەوایە بژین**. . . دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنگرەی "قوتری" حزبی بەعسدا راپۆرتیکی دوور و درێژ (کە دواتر لە گۆڤاری ناوخۆی بەعسدا بڵاوکراوەتەوە) گفتوگۆی لەسەر کراوە. راپۆرتەکە بە روونی جەخت لەسەر ئەو خەسڵەتی دووانیەتییەی کێشەی کورد دەکاتەوە: کێشەی کورد لە عێراق لە لایەکەوە قەزیەیەکی پێشکەوتوخوازە، دژ بە سیستمی فیۆداڵییە، دژ بە ئیمپریالییە، دیمۆکراتی و رەوایە، بەم پێیەش پێویستی بە چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەیە، لە لایەکی دیکەوە ئەم قەزیە ڕەوایە لە لایەن دەستەبژێرێکی بەرژەوەندیخوازەوە کۆنترۆڵکراوە، بە بارمتەگیراوە و لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت.

دواتر لە ماوەی ئیدارەی خۆجێی کوردییدا، کە لە (١٩٩٢)ەوە دستپێدەکات، وە بە تایبەتیش دوای کەوتنی رژێمی سەددام حوسێن، ئەم دژایەتییە بە روونی زەق بوویەوە وە بە بەردەوامیش ئەم دژایەتییە وەک هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان ماوەتەوە، بەتایبەتی روو لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. ئەم دژایەتییە لە ناو خۆی هەرێمیش رەنگی داوەتەوە لە باڵادەستیی توێژێکی تەماح و گەندەڵ لە لایەک، وە بەرەیەکی دژ لە لایەکی دیکەوە، کە دژ بەو توێژە تەماح و گەندەڵە دەوەستێتە وە پێداگری لەسەر شەفافییەت و فەرمانڕەوایی باش (good governance) دەکاتەوە.

دەرەنجام: نە لە زەمانی شاکانی عێراق (فەیسەل، غازی و فەیسەلی دووەم) وە نەش لە زەمانی عێراقی کۆماریی (لە حوکمی عەبدولکەریم قاسمەوە ١٩٥٨ تا کەوتنی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣) هیچ حکومەت یا سەرکردەیەکی عێراقی نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لەوەی کە مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەم دوانیەتییەدا بکات بە شێوەیەک کە پاداشتی خەڵکی کوردستان بداتەوە لە شێوازی چارەسەرکردنی قەزییە ڕەواکەی، بەڵام سزای دەستەبژێرە بەرژەوەندیخوازەکە بدات: واتە بتوانێ قەزیە ڕەواکە لە حاڵەتی کۆنترۆڵ و بارمتەیی لە دەستی بژاردەی بەرژەوەندیخواز **رزگار بکات و چارەسەری بکات**. . .

لە هەوڵی هەرە دواییدا نوری مالیکی (لە فەرمانڕەواییە ٨ ساڵیەکەیدا) ویستی ئەم جیاوازییە لە نیوان قەزیەیەکی رەوا لە لایەک وە قەزیەی دەستەبژێرێکی چاوبرسی و گەندەڵ و بەرژەوەندیخوازی کوردیی نەک هەر ببینێ بەڵکو تەنانەت بە کرداریش هەوڵ

بدات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمدا بەم شێوەیە رەفتار بکات. مالیکی لە میدیاکانەوە زۆر بە روونی و زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر دەستەبژێرێکی گەندەڵی فەرمانرەوا لە هەرێم، بە تایبەتی گەندەڵی لە فایلی نەوت و گازدا. . . بەڵام مالکیش، هەروەک فەرماڕەواکانی پێش خۆی (لە عێراقی مەلەکی و عێراقی کۆماریدا)، سەرکەوتوو نەبوو لە سزادانی دەسبژێرە کوردییە گەندەڵەکە لە لایەک وە چارەسەرکردنی قەزیە رەواکە لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەستەبژیرە بەرژەوەندیخوازە بە ئاسانی توانیویەتی خۆی نەک هەر لە **پشت هێڵی قەزیە رەواکەی خەڵکی کوردستان حەشار بدات، بەڵکو رێک ئەو قەزیە رەوایە بەکار ببات وەک هێڵێکی بەرگری لەخۆکردن** دژ بە بەغدا. دەرەنجامەکەش، بە هەمان شێوەی دوێنێیەکی دوور، ئەوە بووە کە خەڵکی کوردستان باجێکی گرانی (تەنانەت هەندێک جار باجێکی زۆر گران و خوێناویشی) داوە لە خزمەت ئەو دەستەبژێرە چاوبرسی و گەندەڵ و تەماحە. . .

لە بازنە هەرە دواییەکانیشدا دەستبردن بۆ ریفراندۆم و هەوڵی جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق رێک هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی ئەو دەستەبژێرە پاوانخواز و گەندەڵە، لە رێگای بەکاربردنی قەزیە رەواکە و ناسیۆنالیزمی کوردی و هەست و نەستی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان **ململانێکانی خۆی لەگەڵ بەغدا** یەکلابکاتەوە. مەبەستی راستەقینەش دەستگرتن بوو بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندیی کوردستان، **دوور لە چاودێریی بەغدا:** واتە جیابوونەوە وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێرە تەماحەکە، نەک گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی دێرینی خۆی کە سەربەخۆییە: لە ئەزموونی ریفراندۆمدا بە باشی دەرکەوت کە کێشەکە "خواستی نەتەوەیەک نییە لە سەربەخۆییدا بەڵکو کێشە راستەقینەکە دەستەبژێرێکی سەقەتە و دەستبردنەکەشی بۆ سەربەخۆیی و ئامرازەکەی (ریفراندۆم) سەقەتە، دەرئەنجامەکەشی شکستخواردنە. واتە کێشە لە خودی ناسیۆنالیزم (وەک شێوازێک لە جیهانبینی) و هەست و نەستی خەلکی کوردستاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی کە کێشە لە بەخەراب بەکاربردنی ئایدیا و رێرەوی ناسیۆنالیزم و هەست و نەستی خەڵکی کوردستانە بۆ کۆمەڵێک ئامانجی ناڕەوا. هەر وەک لە کتێبی هەرە دوایماندا لەگەڵ هاورێم د. سەردار عەزیز، لە بارەی بە خەراب بەکاربردنی ناسیۆنالیزم، بە زمانێکی زۆر سادە نووسیومانە: "نابێت

خەتای ئۆتۆمبیل بگرین ئەگەر شۆفێر خەراپ لێبخوڕێت."[18] دەرەنجام، لە ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧ لە باشووری کوردستان بە زەرورەت ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی، شکستی نەهێنا بەڵکو بە رادەی یەکەم ئەوانەی بەکاریان برد شکستیان هێنا.

شتێکی شاردراوەش نییە ئەگەر بڵێین ریفراندۆم ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوەش بوو لە نوری مالکی و حەیدەر عەبادی، چونکە ئەم دوو سەرکردەیە بە دەنگی بەرز و بێ پەناو پێچ لە رێگای میدیاکانەوە بە خەڵکی کوردستانیان وت "قوتی ئێوە لە لایەن دەستەبژێرێکی خۆماڵی کوردی" دەستی بەسەردا گیراوە نەک بەغدا، ئەم دەستەبژێرە بەرپرسە لە نەهامەتی مرۆیی خەڵکی کوردستان، نەک بەغدا!

**ئێستا:** ئەوەی لە هەنوکەدا روو دەدات، بە تایبەتی لەو چەند رۆژەی دواییدا، رێک ئەو ململانێ مێژووییەیە کە لە سەد ساڵی رابردوودا لە ماهییەتی قەزیەی کورددا هەبووە، بەڵام بە جیاوازییەکەوە لەگەڵ دوێنێ: لە دوێنێدا توێژێکی کوردیی دڵسۆز بۆی ئاسان نەبوو هاوکار بێت لەگەڵ بەغدا لە پێناوی دەستگەیشتن بە توێژی گەندەڵ لە کوردستان بە مەبەستی سزادانی، وە لە ئاکامدا خزمەتکردن و پاراستنی قەزیە رەواکەی خەڵکی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان. بەڵام ئەمڕۆ نەوەیەکی بوێر و لەخۆبووردو لە سیاسی و نوێنەرە کوردەکان سەریان هەڵداوە کە کارکردن لە چوارچێوەی پەراوێزە سیاسی و دامەزراوەییەکانی عێراقدا، بە تایبەتی پەرلەمانی عێراق، نەک هەر بە "عەیبەیەکی" سیاسی نازانن، لە پێناو راماڵینی پەردەی ناڕاستگۆیی و "درۆ" لەسەر ئەو توێژە گەندەڵ و بەرژەوەندیخوازەی **کە قەزیە رەواکەی کوردیان بە بارمتە گرتووە.** ئەم کەسە بوێرانە بە دەنگی بەرزەوە هاوار دەکەن کە مەبەستیان لە سیاسەتکردن لە بەغدا بینینی ئەو جیاوازیەیە کە لە موفارەقە (پارادۆکس)ی کێشەی کوردا هەیە و بۆ یەکەم جاریش بە ئاشکرا کار بۆ سزادانی ئەو بژاردە کوردییە بەرژەوەندیخوازە دەکەن، بەبێ ئەوەی کە ئەم بژاردە بەرژەوەندیخوازە چیتر دەرفەتی ئەوەی هەبێ خۆی **لە پشت هێڵی دۆزە رەواکەی خەڵکی کوردستان** حەشار بدات و لە خزمەتی خۆیدا بە شێوەیەکی خەراب بەکاری بهێنێت.

---

[18] یاسین، بورهان أ. وە عەزیز، د. سەردار (٢٠١٧) *دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان*، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆخ). ئەم کتێبە وەک خۆی بە شێوازی پی دی ئێف لە ماڵپەڕی کەسیی نووسەری ئەم وتارە بەرچاو دەکەوێ:
http://www.burhanyassin.com/Dewleti%20serbexoy%20Kurdstan%206-8-2017.pdf (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/٢٠)

لە راستیدا لە وتاریکمدا، کە دە ساڵ پێش ئێستا بڵاو بۆتەوە، ئەم دووانیەتیەی ناو قەزیەی کوردم هەر لە ئاستی پەیوەدنییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا نەهێشتۆتەوە بەڵکو لە وتارەکەدا پێم وایە ئەم دووانیەتییەی ناو ئەم قەزیەیە و دیاردەی گەندەڵی لە چوار ئاستدا بۆ قەزیەکە پشتشکێن و چارەنووسساز بووە: ١) لە ئاستی ناوخۆیی هەرێم؛ ٢) لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا؛ ٣) لە ئاستی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان؛ ٤) لە ئاستی نێو دەوڵەتی قەزیەکەدا[19]. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش، هەر لە وتارەکەدا، ئەوەم جەخت کردۆتەوە کە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر لە راڤەکردن و تێگەیشتندا دیاردەی **گەندەڵی** تەنها لە ئاستی ناوخۆی هەرێمدا بهێڵرێتەوە، بەڵکو گرنگە کێشەی گەندەڵی ببرێتە کۆمەڵێک ئاستی ستراتیژی و پشتشکێن بۆ قەزیەی کورد، واتە هەر چوار ئاستی سەرەوە. . . هەروەک نموونە فایلی نەوت سیستمی هەرێمی کوردستانی تا سەر ئێسقان گەندەڵ کردووە؛ پەیوەدنییەکانی هەولێر و بەغدای گەندەڵ و کێشەدار کردوە؛ لە ئاستی ئیقلیمیشدا (وەک نموونە، رێککەوتنە پەنجا ساڵیەکە لەگەڵ تورکیا) ئەم فایلی نەوتە قەزیەی کوردی گەندەڵ کردووە و خەڵکی کوردستان و تەواوی ئەزموونە سیاسییەکەی کردۆتە **بارمتەیەک** بەدەست تورکیای داگیرکارەوە؛ لە ئاستی نێو نەتەوەییشەوە هەرێمی کوردستانی کردووە بە **بارمتە** بەدەست کۆمەڵێک کۆمپانیای جیهانی و هەندیک کۆنە دیپلۆماتکاری "عەررابی" نەوت کە **وەک مشەخۆر لەسەر کەلاوەی "قەزیە رەواکەی" خەڵکی کوردستان دەژین**. . . (هەر بۆ نموونە، ئەم عەررابانەی نەوت رۆڵێکی خەرابیان لە ریفراندۆمدا بینی لە رێگای بەلارێدابردنی مەسعود بارزانی، کەچی دواجار **هەڵە مێژووییەکە هەر هی مەسعود بارزانی خۆیەتی نەک هی عەرراب و کۆمپانیاکانی نەوت**).

ئەمرۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر راستی و دروستی ئەم شێوە بۆچوون و نزیکبوونەوەیە لە تێگەشتن (واتە گەندەڵی لە هەر چوار ئاستەکەدا نەک هەر یەکێکیان) لە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان دەرکەوتووە. (دەکرێ بە ئاسانی تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەوە هیچ سودفە نییە کە نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی

[19] بڕوانە: یاسین، د. بورهان "هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە رووی داهاتوودا،" لە ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە پێگەی کەسیی نووسەر بڵاوبۆتەوە:
http://www.burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf (دەستگەیشتن ٢٠١٩/٦/١٩)

کوردستان، لە ٢٠١٩/٦/٢٠ سەردانی بەغدا دەکات و کرۆکی ئەجێندای سەردانەکەشی مەلەفی نەوتە، بەڵام یەکسەر -رۆژی دواتر- سەردانی ئەنقەرە دەکات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەردۆغان: ئەمە رێک ئەو پشتڕاستکردنەوەیە کە گەندەڵی لە پرسی نەوت و گازدا لە کۆمەڵێک ئاستدا بوونی هەیە. لەم بارەشەوە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین: **شەفاف بوونی دۆسیەی نەوت لەگەڵ بەغدا نەک هەر یەکانگیر نییە، تەنانەت لە دژایەتیشدایە، لەگەڵ گرێبەستە پەنجا ساڵییەکەی نێوان نێچیرڤان و ئەردۆغان**. . .

دواجار ئەم چوار ئاستەش وەک خوێن و گۆشت بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی یەکترن، بە شێوەیەک کە جیاکردنەوەی ئاستەکان لە یەکتر، وە چارەسەری یەکێکیان بێ چارەسەر لە ئاستەکانی دیکەدا، ئەستەمە. ئەوەی گرنگە، لە رووی سیاسەتی کردارییەوە، ئەو دەرەنجامەیە کە تۆ ناتوانی کێشەی گەندەڵی لە فایلی نەوتدا لە ئاستی لۆکاڵی (واتە لە ئاستی هەرێم)دا چارەسەر بکەیت لە کاتێکدا ئاستی عێراقی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی گەندەڵیەکەت نادیدە گرتبێت و چارەسەرت نەکردبێت! هەر بۆ نموونە، مانەوەی دەستەبژێرێکی دیاریکراو لە دەسەڵاتدا و باڵادەستبوونی ئەو دەستەبژێرە (کە کۆد و کلیل و نەهێنییە شاراوەکانی فایلی نەوتی لەدەستدایە) زەمانەتێکە **بۆ بەرژەوەندییە نەوتییەکانی هەندێک وڵاتی ئیقلیمی و کۆمپانیا جیهانییەکان و ئەو وڵاتانەی کە لە پشت ئەو کۆمپانیانەوە دەوەستن**. لە نامەیەکی تایبەتیدا، لەم رووەوە، بۆ کەسایەتییەکی سیاسی (لە ٢٠١٨/١/٢٨)، نووسیومە: "پارتی، بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەتوانێ بە ئاسانی، بەڵام بە ئامانج، لایەنە پەیوەندیدارەکان (هێزی ئیقلیمی، کۆمپانیا نەوتییەکان و هێزە جیهانییەکان) بترسێنێ بەوەی **ئەگەر پارتی، وە بەتایبەتی شەخسی خۆی،** دەسەڵات لەدەست بدات ئەودا بەرژەوەندییەکانیان بە تایبەتی بەرژەوەندییە نەوتی و گازییەکانییان دەکەونە مەترسی جددییە، وە هیچ زەمانەتێکیش نییە بۆ ئەوەی لە کاتی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا ئەم بەرژەوەندییانە پارێزراو بن. پارتی، زۆر بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەمێکە ئەم قسەیەی روو بە تورکیا کردووە، ئێستاش هەر ئەم قسەیە دەکات!"[20] (دەکرێ ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بۆنەی

[20] ئەم نامە تایبەتە لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٨ بۆ کەسایەتییەکی سیاسی نێردراوە؛ بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی لەباردا نامەکە و هەندێک نامەی دیکەی تایبەتی وەک خۆیان بڵاوبکەمەوە.

سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا هێمایەکی پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە بێت!)

هەر لەم پەیوەستەدا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە کێشەی کەرکوکیش، نەک هەر لە نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵکو لە نیوان دوو دەسەڵاتە پاوانخوازەکەی کوردستانیش (واتە پارتی و یەکێتی) **هەر کێشەی نەوتە**: لە هەردوو ئاستیشدا قەزیەی کەرکوک لە قەزیەی رەوای میللەتێکەوە، تا سەر ئێسقان، گەندەڵ کراوە لە ڕێگای گەندەڵبوونی هەستیارترین دۆسییە، واتە نەوت.

**دەرەنجامێکی گرنگ**: چیتر ئەوە بۆچوونی داگیرکار و رژێمی ناوەند نییە کە کێشەی کورد وەک دوو کێشە ببینێ، بەڵکو لە ئێستادا نەوەیەکی "دوای قۆناغی شەڕی چەکداری یا شەڕی شاخ" سەریهەڵداوە، بە ئاشکرا و بێ هیچ پێچ و پەنایەک و بە بوێریەکی زۆرەوە ئەو دووانیەتییەی ناو قەزیەی کورد دەبینێ. ئەم نەوەیە لەوەش ئاگادارە کە ئەم دوو رەهەندەی قەزیەکە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی یەکترن، هەر ئەوەشە کاری ئەم نەوەیەی یەکجار ئەستەم کردووە: ئەم نەوەیە شەڕێکی زۆر ناهاوتا دەکات. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو نەوەیە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە چیتر نابێ ئەم دیدە (واتە دوانییەت لە کێشەی کورددا) لە ئاستی دید و خوێندنەوەیەکی تیوریانەدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ ئەم دیدە ببێتە نەخشەڕێگا بۆ کارکردن لەگەڵ فایلی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا: مەبەستیش لەم دیدە، لە کاتی پراکتیزەکردنیدا، **سزادانی توێژە تەماح و پاوانخاز و گەندەڵەکەی کوردستانە، لە لایەکی دیکەشەوە پاراستنی ماف و قەزیە رەواکەی خەڵکی کوردستانە**. هەڵبەتە ئامانجێکیش لەم کارە بێبەشکردنی دەستەبژێرە تەماح و گەندەڵەکەی کوردستانە بۆ ئەوەی **چیتر نەتوانێ قەزیە رەواکەی خەڵکی کوردستان لە خزمەت خۆیدا بەکار ببات**. فراوانبوونی ئاسۆیی ئەم نەوەیە، وە لە رووی سیاسیشەوە بەهێزبوونی، زەمانەتێکە بۆ هێشتنەوەی قەزیە رەواکە بە شێوەیەکی تەندروست، پارێزراو لە ڤایرۆسی گەندەڵی و پاراستنی لە هەر بەکاربردنێکی خەراپ لە خزمەتی توێژێک کە وەک مشەخۆرە لەسەر ئەم قەزیە رەوایە دەژێ و هەڕەشەی هەرە جددیشە لەسەر دوارۆژی ئەو قەزیەیە: ئەم توێژە مشەخۆرە ژەهرێکە لە جەستە و خوێنی قەزیە رەواکەی خەڵکی کوردستاندا.

## دەرەنجام

هەر زوو دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی سێپتێمبەری پار نیشانەی نیگەرانئامێز دەرکەوتن بە مانای ئەوەی ئەو دەنگە زۆرەی کە پارتی بەدەستی هێنا وا لەو حزبە بکات کە بە کردار ڕەهاییبوونی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسییدا بە شێوەیەکی نوێ بسەپێنێ. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دیسان پێویستی بە هەندێک هێزی دیکە بوو کە یارمەتیدەری بن لەم ئاراستەیەدا. هەروەها لە ماوەی دوییدا، بەر لە دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ، ئاماژەی نیگەرانئامێزی دیکەش دەرکەوتوون بەو واتایەی کە کاری گۆڕان لە حکومەتی نوێدا ئاسان نابێ، تەنانەت هۆکاری ئەوەشمان هەیە کە بڵێین هاوئاهەنگی گۆڕان و پارتی لە حکومەتی نوێدا دەکرێ ئەستەمیش بێت. . .

بونیادنراو لەسەر ئەم دەرەنجامە، لە ئێستادا زۆر گرنگە و هەرچی زووە، یەکێتی و گۆڕان پەیوەندییەکانیان نۆرماڵ بکەنەوە، ئەگەرچی ئەم هەنگاوە زۆریش دواکەوت و لەوەش ناچێت ئاسان بێت! هەنگاوێکی ئەوها پێگەی هەردوو حزبەکە بەهێزتر دەکات و بۆ گۆڕانیش دەبێتە یەدەک (ئیحتیات)ێک بۆ کاتی تەنگەژە و پاشەکشە لە حکومەتدا. لەم بارەیەوە هەنگاوی یەکێتی دواکەوت کە تیایدا بە ڕاشکاوی داوای بووردن لە گۆڕان بکات لەوەی کە لە شەوی هەڵبژاردندا روویدا، کە تیایدا هێرشێکی چەکداری کرایە سەر گردی زەرگەتە.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشەی زۆر گەورە بۆتەوە، کە بە یەک یا دوو حزب چارەسەر ناکرێن: بارودۆخەکە پێویستی بە هەندێک هەنگاو و بڕیاری بوێرە لەوانەش پێداویستی هەنگاوی بوێر و یەکلاکەرەوە لە لایەن یەکێتی و گۆڕانەوە بە ئاراستەی سروشتیکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بنەمایەکیش بۆ ئەم پێشوەچوونە ئەوەیە کە گۆڕان بە تەواوەتی و بێ هیچ دوو دڵییێک بگاتە ئەو باوەڕەی کە ململانێکەی (واتە ململانێی گۆڕان) لەگەڵ یەکێتی زیاتر لە **ئاستێکی تاکتیکیدایە** و زیاتر لەسەر دەنگدەر و هەژموونە بەسەر زۆنی سەوز-نیلیدا، کەچی لە لایەکی دیکەوە ململانێکەی لەگەڵ پارتیدا لە ئاستی ستراتیژی (واتە سیستمی)دایە. . . ململانێی گۆڕان لەگەڵ پارتیدا بە پلەی یەکەم لە ئاستی تەواوی دەسەڵاتی سیاسییە لە هەرێم (کێشەی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی) وە بە پلەی دووەم کێشەی مامەڵەکردنە لەگەڵ مەسەلەی دەسەڵاتی لۆکاڵی. بەڵام ململانێی گۆڕان لە گەڵ یەکێتیدا کەمتر لە ئاستی ستراتیژی (واتە

حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی)دایە وە زیاتر دەربارەی شێوازی مامەڵەیە لەتەک دەسەڵاتی لۆکاڵی (واتە لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان). ئەم ئاستەش دواجار پێویستی بە دانوستاندن و هەواوکەشی ئاسایی لە پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتی هەیە: دواجار بە تایبەتی سلێمانی، لە رووی جەماوەرەوە کە زیاتر دەنگدەری گۆڕان و یەکێتییە، وەک دڵێکە بۆ دوو جەستە (واتە یەکێتی و گۆڕان)، وە ئەم دوو هێزە راستەوخۆ بەرپرسن لە **سەلامەتی ئەم دڵە**: ئەگەر ئەم دڵە هەر ئەزیەت و ئێشێکی بەر بکەویٚ ئەوا هەردووک (جەماوەری گۆڕان و جەماوەری یەکێتی، دواجار هەردو هێزە سیاسییەکەش) ئەزیەت و زیانیان بەردەکەویٚ!

لە رابردوودا گۆڕان دوو شێوازی ململانێی لە باشووری کوردستان تاقیکردۆتەوە:

١) لە چوارچێوەی ئەوەی من پێی دەبێژم "**هاوسەنگی سیاسیی نەرێنی**،" واتە لە هەمان کاتدا ململانیٚ لەگەڵ پارتی و یەکێتی. ئەم شێوازە لە پەیوەندی بۆ گۆڕان ئاسان نەبووە، بەڵام لە فەترەیەکی کورتدا زۆر بەرهەمداریش بووە. ئەم شێوازە لە ململانیٚ، واتە دژایەتیکردنی پارتی و یەکێتی لە هەمان کاتدا، لە شێوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا، خەسڵەتی قۆناغی ٢٠٠٩ تا هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ بوو؛

٢) قۆناغی تاقیکردنەوەی رێککەوتن لەگەڵ لایەنێکیان وە بە حوکم کەوتنە بەرەی دژ بەرامبەر بە لایەنەکەی دیکە: رێککەوتن لەگەڵ پارتی بەڵام لە هەمان کاتدا (بە هۆی ئەم رێککەوتنەوە) تەنگەژە لەگەڵ یەکێتی؛ دواتر رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی (دەبەشان؛ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم؛ رێککەوتنێکی ٢٥ خاڵی) بووە هۆی تەنگەژە لەگەڵ پارتی.

کاتی ئەوە هاتووە کە گۆڕان بە جددی بیر لە شێوازێکی دیکە (تۆ بڵیٚ شێوازی سێهەم) لە پەیوەدنی و رێککەوتن لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکاتەوە، کە من ئەم شێوازە بە "**هاوسەنگی سیاسیی و ئاوێتەبوونی ئەرێنی**" ناوزەد دەکەم: دەکریٚ، تەنانەت گرنگیشە، کە گۆڕان هەوڵ بدات **لە هەمان کاتتدا** تێگەیشتن و رێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی و پارتیشدا هەبێت؛ جگە لەمەش، لە بازنەیەکی فراوانتردا، پەیوەدنییەکانی لەگەل هێزەکانی دیکەشدا تا بکریٚ لەسەر بنەمای "هاوسەنگی سیاسی و ئاوێتەبوونی ئەرێنی" بخەملێنیٚ. لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتیدا، هاوکاری و هاوهەڵوێستیی لە نێوان گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی گرنگییەکی تایبەتی هەببوە و هەیە. راستە فەراهەمکردنی ئەم شێوازە لە پەیوەندی و سیاسەتکردن ئاسان نییە، تەنانەت

دەکرێ زۆر قورسیش بێت، بەڵام ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن باشترین خزمەت بە خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سیاسی و خودی بزاڤی گۆڕانیش دەکات.

نابێ لەو تێگەیشتنە دوودڵ بین کە پارتی نەک هەر سوود لە ململانێکانی یەکێتی و گۆڕان دەبینێ بەڵکو ڕێک کاریش بە ئاراستەی بەردەوامی ئەو ململانێیانە دەکات: بە دیوێکی دیکەدا پارتی بە هەر پێشوەچوونێکی ئەرێنی (پۆسەتیڤ) لە پەیوەندییەکانی یەکێتی و گۆڕاندا نیگەران دەبێت!

ئەو دیدەی کە دەخوازێ کێشە و دیاردەی گەندەڵی لە ئاستێکی لۆکاڵی تەسک (واتە هەرێمی کوردستان وەک جوگرافیا و وەک سیستمی سیاسی) بهێڵێتەوە وە پێشی وا بێت کە دەکرێ گەندەڵی لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵیدا ببینرێ و هەر لەو چوارچێوەیەشدا چارەسەربکرێ، ئەوا دوو هەڵەی گەورە دەکات: یەکێکیان لە ئاستی دەستنیشانکردنی کێشەی گەندەڵی وە ئەوەی دیکەشیان لە ڕووی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە. گەندەڵی بە شێوەیەکی قوڵ و فروان، بەڵام زۆر مەترسیدار، لە هەر چوار ئاستی لۆکاڵی؛ عێراقی (واتە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا)؛ ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا ڕۆچووە وە ئەم گەندەڵییە ئەم چوار ئاستەی بە توندی وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکتر کردووە. کەواتە: کورتهێنانێکی سیاسیی مەترسیدار ئەوەیە کە هێزێکی سیاسی (بە بەهانەی یەکڕیزی نەتەوەیی؛ یا با دوژمنان بە کێشەکانمان دڵ خۆش نەبن و. . . هتد) ئەوەی قەبوڵکردبێ کە دیاردەی گەندەڵی تەنها دیاردەیەکی لۆکاڵییە وە ئەوەی قەبوڵکردبێت وە بەم شێوەیەش دەست بۆ هەرسێ ئاستەکەی دیکە نەبات. سروشت و ماهییەتی کێشە و ئیشکالییەت لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان دژایەتییە لە نێوان ئەم دوو دیدەی سەرەوە (واتە ئایا دیاردەی گەندەڵی تەنها لۆکاڵییە یا دیاردەکە چوار ئاستی هەیە).

لەوە دەچێت کە لە ڕۆژانی داهاتووشدا ئەم دژایەتییە زەقتر و کاریگەرتر ببێت: ئاسان نییە ئەندامێکی پەرلەمان لە بەغدا شەو بخاتە سەر ڕۆژ و بێ وچان کار بۆ زامنکردنی شایستە دارایی و مافی هەرێم لەوەی کەوا بتوانێت نەوتی خۆی بفرۆشێت، بەڵام کاتێک کە ئەم شایستە داراییانە دەگەنە هەرێم لە لایەن توێژێکی بەرژەوەندیخوازەوە بێ سەروشوێن بکرێن و نەوتەکەشی لە تاریکیدا هەرزانفرۆش بکرێ و بە تاڵان ببرێ: **ناکرێ لە هەولێر دژی گەندەلی و ناشەفافیەت بیت، بەڵام لە بەغدا بەرگری لە ناروونی و ناشەفافبوونی دەسەڵاتی کوردی بکەیت!**

له کوردایەتی کلاسیکیدا (بە بەهانەی پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی) ڕێگا بەوە نەدراوە گوزارەش لە دژایەتییەکانی ناو کێشەی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی بکرێت[21]، بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر لەم حاڵەتە کاتی ئەوە هاتووە لە چوارچێوەی ئەوەی من پێی دەبێژم پڕۆژەی "نوێبوونەوەی کوردایەتی" تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازمان هەبێت: لە پڕۆژەی نوێبوونەوەی کوردایەتیدا بە باش دەگوترێ باش وە بە خەرابیش دەگوترێ خەراب، نەتەوەش وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوریی ئاڵۆز زیاتر یەکەیەکە کە لە "یەکبوونی دژایەتییەکان" پێک دێت، نەوەک یەکەیەکی خاڵی لە دژایەتی! لەم پڕۆژەیەدا سەرکردەیەک ناکرێ ئەمڕۆ نیشتمان پەروەر بێ، سبەینێ خیانەت بکات و ڕۆژی سێهەم جارێکی تر نیشتمان پەروەر بێ و بشبێ بە سەرۆکی نەتەوەیی؛ ناکرێ سەرکردەیەک خاکفرۆش و تالانکاری خێر و بێری وڵات بێت بەڵام لە هەمان کاتتدا نوێنەری ڕاستەقینە و دەموچاوی قەزیەیەکی ڕەوا بێت ڕوو بە دەرەوە. . . بە واتایەکی دیکە، کوردایەتی کلاسیکی لە شەڕی بەها و پێوەرە نیشتمانی و مۆڕاڵییەکاندا شکستی هێناوە: لە ڕاستیدا شکستە سەربازی و سیاسییەکانیشی بەرهەمی ڕاستەوخۆی شکستە لە "شەڕی" بەهاکاندا. کاتی ئەوە هاتووە شتەکان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ناوبنرێن و پێناسەبکرێن: ناکرێ سەرکردەیەک، لە دیدی خەڵکدا، نوێنەرایەتی و بەرجەستەی گەندەڵی لە کوردستان بکات، بەڵام هەمان سەرکردە لە بەغدا، بەبێ هیچ کێشەیەک، نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی قەزیەیەکی ڕەوا بکات؛ ناکرێ ناسیۆنالیزمێک بەدەست گەندەڵییەوە (وەک شێرپەنجە) بناڵێنێ، بەڵام هەمان ئەم ناسیۆنالیزمە کلۆڵە بەرەوڕووی بەغدا و هێزە ئیقلیمییەکان و جیهان بە هێز و توکمەییەوە بوەستێتەوە: کەوتنی جەلەولا (گولاڵە)؛ کەوتنی شنگاڵ؛ لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان و شکستی ڕیفراندۆمە کاریسەئامێزەکەی سێپێمبەری ٢٠١٧ چەند نموونەیەکن کە ئەم حاڵەتی کلۆڵی و کرمیبوونەی ناو ناسیۆنالیزمی کوردی (نەک بە زەرورەت ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی) پشتڕاست دەکەنەوە.

---

[21] ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوە لە مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە دوو ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (کەم یا زۆر لە سەد ساڵی ڕابردوودا) بە جوانی خۆی نواندووە: هەردوو ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای حزبی بەعس، وە کەمالیزم، لە چوارچێوەی دۆکترینی پۆپیولیزم و ئاراستەیەکی فاشیستیدا، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نەتەوە یەکەیەکی توکمەیە وە هیچ دژایەتییێک (چینایەتی، جێندەری، فیکری یا. . . هتد) لە ناو خۆیدا قەبوڵ ناکات وە بوار نادات لە گفتوگۆ فیکری و ڕەوشەنبیرییەکانیشدا گوزارەش لە هەر شێوازێکی "دژایەتی" لە ناو جەستە و بوونی نەتەوەدا بکرێ.

---

**تێبینی:** ئەم بابەتە تەنها لە ماڵپەڕی کەسی نووسەر بڵاو دەبێتەوە؛ هیچ پێگەیەک و ئامرازێکی میدیایی بۆی نییە، **بێ ڕێگەپێدانی نووسەر**، وتارەکە بڵاوبکاتەوە.